# مێژووی سیاسی شاری حەران لە سەردەمی دەوڵەتی راشدی و دەوڵەتی ئومەوی
# لە ساڵی 18ك تا 132ك/633ز تا 747ز

ئارام عمر علی ، ئاوات حسن والی

شهلە بورهان عەبدوڵا [1]، ارارات احمد علی [2]

1 مامۆستا، بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، شاری هەولێر

2 مامۆستای یاریدەدەر، بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سۆران، شاری هەولێر

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی (مێژووی سیاسی شاری حەران لە سەردەمەی دەوڵەتی راشدی و دەوڵەتی ئومەوی لە ساڵی 18ك تا 132ك/633ز-747ز)یە باس لە گرینگترین ئەو گۆرانکارییە سیاسیانەی دەکات کە لەم شارە روویداوە لەم مێژووەدا، وە چۆن ئەم شارە توانویەتی پێگەیەکی سەرەکی هەبێت لە رووداوەکان و گۆرانکاریە سیاسیەکان ئەم سەردەمەدا، لەسەرەتادا باس لە ناوی شارەکە کراوە لەگەڵ بیرورا جیاوازەکان دەربارەی، ئینجا ئاماژە بە ئاووهەواو پێگەی شارستانی شارەکە کراوە کە چۆن توانویەتی وەکو شارێکی سەرەکی هەرێمی جەزیرەی فوراتی بە دیار کەوێت. هەروەها مێژووی فەتحکردنی حەران باس دەکرێت لە لایەن هێزی ئیسلامی وە گشت ئەو روایەتانەی کە هەنە لەسەر شارەکە وە بیرورای خەڵکی شارەکە دوای فەتحکردنی، و بەشداریکردنیان لە رووداوە سیاسی و سەربازییەکانی ئەو کاتە، جگە لەمانە تیشك دەخرێتە سەر مێژووی شارەکە لە سەردەمی ئومەویدا کە دیارترو کاریگەرتر دەبێت چونکە شارەکە لە لایەنی ئیداری پێگەیەکی بەهێز پەیدا دەکات و بەڵکو بەشدار دەبێت لە گۆرانکاریە دیارو سەرەکییەکانی رووداوە مێژوویەکان و بەشدار دەبێت لە دروستکردنی شارستانیەتی ئیسلام.

**پێشەکی**

شاری حەران لە شارە کۆنەکانی جەزیرەی فوراتییە و دووەم شارە لە گەورەیی کە دوای شاری رەقە دێت، شارێکی فرە ئاینیەو بنکەی ئاینی صابئییەکانە بە تەواوی مێژووی بنیاتنانی دیارنییە بەڵام خاوەن مێژوویەکی پرشنگدارەو خاوەن شارستانیەتە. گرینگی ئەم شارە لەوە بە دیار دەکەوێت کە رۆڵێکی بەر چاوی هەبوو لە رووداوە سیاسیەکانی سەردەمی راشدی و ئومەویدا وە بنکەیەکی گرینگی ئیداری دەسەڵاتی ئومەوییەکان بوو هەروەها بەشدارییەکی سەرەکی هەبوو لەبنیاتنانی شارستانیەتی ئیسلام.

هۆکاری بایەخدان بە نوسینی ئەم بابەتە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە شاری حەران گرینگی پێنەدراوە لە لایەنی سیاسی لەم سەردەمە لەگەڵ ئەوەی ئەم شارە راستەخۆ کاریگەری هەبووە لەسەر رووداوەکانی سیاسی و سەربازی ئەو کات وە بنکەی حوکمی والی و خەلیفە کان بووە لە سەردەمی ئومەی، هەر بۆیە ئەم شارە دەست نیشانکراوە وەکو بابەتی توێژینەوە تاوەکو رۆڵی راستەقینەی شارەکە بەدیارکەوێت. نوسینی بابەتێکی وەکو مێژووی سیاسی ئەم شارە کارێکی ئاسان نەبووەو پێویست بوو توێژەران هەموو تواناکانی خۆیان ئامادە بکەن تا بتوانن مافی بابەتەکە بدەن بەتایبەتی کە ئەم شارە بایەخ و گرینگی ئەو تۆی نامێنێ لەسەردەمی دەوڵەتی عەباسی چونکە خەڵکی شارەکە پشتگیریەکی بەهێزی دەوڵەتی ئومەوی بوون وەکو ئاشکراشە دەوڵەتی عەباسی دوژمنداریەتی دەوڵەتی ئومەویان دەکردو کارێکی ئاساییە بووە لای عەباسیەکان کە شارەکە پشت گوێ بخەن وەکو دیاریشە زۆربەی مێژووی سەردەمی ئیسلام لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسی نوسراوەتەوەو تۆمار کراوە بۆیە شارەکە وەکو دیار بوون لە مێژوو بە ئاشکرا بە دیار ناکەوێت بۆیە توێژەران ناچار بوینە لە کەلێن و کەلەبەرەکانی رووداوەکانی شارەکانی تری جەزیرە فوراتی

لە سەرچاوەکان زانیاری وەربگرن، هەروەها هەندێ زانیاری تر بە شیکردنەوە بۆی بچن، بەمشێوەیە توانراوە مێژوی سیاسی ئەم شارە لەسەردەمی راشدی وئومەوی بنوسرێت.

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکیەك و سێ تەوەرە، ئەنجامەکان راسپاردەو لیستی سەرچاوەکان، لە تەوەرەی یەکەم کە بەناونیشانی (سەرەتایەك لەسەر شاری حەران) باس لە ناوو نازناوی شارەکە دەکات، کە شارەکە چەند ناوێکی هەبووە بە تێپەربوونی قۆناغەکانی مێژوویی چەندەها ناوی وەرگرتووە بە پێی ئەو میلەتانەی کە لە شارەکە نیشتەجێ بوینە، هەروەها ئاماژە بە ئاووهەواو جوگرافیاو لەگەڵ پێکهاتەکەی مرۆڤی شارەکە دەکرێت کە دوای فەتحکردنی لە لایەن موسوڵمانان پێکهاتەی شارەکە بە تەواوی دەگۆڕێت. لە تەوەرەی دووەم کە ناونیشانەکەی (شاری حەران لە سەردەمی دەوڵەتی راشدی (18ك تا 40ك/633ز-655ز)یە باس لە مێژووی سیاسی شاری حەران دەکرێت ئاماژە بە گرنگترین رووداوە مێژوویەکانی شارە کراوە لە سەردەمی راشدی، کە چۆن هێزی سوپای ئیسلام توانویەتی شارەکە فەتح بکات و رێکەوتن لەگەڵیان مۆر بکات. هەرچی تەوەرەی سێیەمە ناونیشانەکەی (شاری حەران لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەوەی (41ك تا 132ك/ 656ز-747ز))یە تیشك دەخاتە سەر ئەو رووداوانەی لەم سەردەمە لە شاری حەران روویانداوەو هەروەها پێگەی شارەکە بەدیار دێخیت لە لایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئومەوی.

گرینگترین سەرچاوەکانیش کە توێژینەوەکە پشتی پێ بەستوە بریتیە لە سەرچاوەکانی ئەلحمێری (مردوو: ٩٠٠ك/١٥١٥ز)لە کتێبەکەی (الروض المعطار في خبر الأقطار) کە باسێکی تێرو تەسەل دەکات لەسەر شارەکە لە زۆر بەی لایەنەکان، بەتایبەتی لایەنی ئابوری کە تیشك دەخاتە سەر لایەنی ئابوری شارەکە لە پاڵ لایەنی ئابوری ئاماژە بەلایەنەکانی تری ناوچەکە دەکات، هەروەها کتێبی (رحلە ابن جبیر) هی ئیبن جوبەیر (مردوو:٦١٤ك/١٢١٧ز) کە گەریدە بووەو زۆر شارو شارۆچکەی دەوڵەتی ئیسلامی کردووەو هەوڵی داوە کە زانیاری لەسەر ئەو ناوچانە تۆمار بکات کە بەسەردان تێیدا تێ پەربوە شاری حەران یەکێکە لەو شارانەی کە سەردانی کردووەو وەسفی شارەکە دەکات بە شوێنەوارو خەڵکی شارەکە، بەڵام کتێبی (فتوح البلدان)ی (بلاذري)ی (مردوو لە: 279ك/ 892ز).. کتێبێکە گێڕانەوەکانی بە بابەتی و بێلایەنی وەصفدەکرێن، گرنگی لەوەدایە: زانیاری دوورو درێژ و ورد لە بارەی فتوحاتەوە لە خۆ دەگرێت، بە تایبەتیش لە بارەی فەتحکردنی هەرێمی جەزیرە، بە جۆرێك بە درێژی تیشك دەخاتە سەر فەتحی شار و گوندەکان، زانیاری تەواویش دەدات لە بارەی ئەو پەیماننامانەی فەرماندە ئیسلامییەکان داویانەتە نەصرانییەکان خاوەن ئاینەکانی تر لەو ناوچانە، جگە لەوانەش ئاماژە بۆ ئەو پیشە دەستی و کارانەی خەڵکی ئەو ناوچەیە دەکات، بۆیە ئەم کتێبە سوودی زۆری پێگەیاندووین، تەنانەت لە کاتی قسەکردن لەسەر باری سیاسی و کارگێڕی ئەو ناوچەیەش لە بەشی دووەم سوودمان لەو سەرچاوەیە وەرگرتووە.

جگە لە مانە توێژنەوەکە سودی لە کتێبەکانی مێژووی وەرگرتوە وەکو کتێبی (تاريخ الامم والملوك) هی تەبەری (مردوو: ٣٦٠ك/٩٢٣ز) و کتێبەکەی (الكامل في التاريخ) هی ئین ئەسیر (مردوو: ٦٣٩ك/١٢٤٥ز) کە هەردووکیان بابەتێکی مێژووی تەواو دەبەخشن لەسەر شارەکە.

لە کۆتایدا هیوادارین توانیبمان شتێکی باش لەسەر شارەکە پێشکەش بکەین کە ببێتە جێگای پرکردنەوەی لایەنێکی کەم لە مێژووی شاری حەران لەگەڵ رەزامەندی خوێنەران.

**تەوەرەی یەکەم/ سەرەتایەك لەسەر شاری حەران**

یەکەم/ ناوو جوگرافیا و ئاووهەوای شاری حەران

شاری حەران یەکێکە لە شارەکانی هەرێمی جەزیرەی فوراتی، مەڵبەندی (دیار مضر)ە[i] دووەمین گەورەترین شاری هەرێمی جەزیرەی فوراتییە[ii]، دوای شاری رەقە[iii]، دێت دەکەوێتە نزیکی سەروچاوەی روباری بلێخ کە یەکێکە لە لقەکانی رووباری فورات[iv] لەسەر ئەو رێگایەیە کە شام و جەزیرەی فوراتی پێك دەبەستێتەوە واتا دەکەوێتە نێوان موصل وحەلەب[v].

وشەی حەران لە نوسینەکانی بزماری بە ناوی (حەرانو) هاتووە واتا رێگای بازرگانی[vi]، رۆمەکان پێیان گوتوە (کارهایا)[vii]، لە لایەن هەندێك لە پیاوانی ئاینی مەسیحی پێی وتراوە (هیلینۆس) واتا شاری بتپەرستی، موسوڵمانەکانیش ناوی (حەران)یان لێناوە[viii]

وە هەروەها وا گوتراوە کە وشەی حەران پێك هاتووە لە وشەی بەهاران یان هەران کە برای پێغەمبەر ئیبراهیمەو (س) دروستکەری شارەکەش بووە [x] هەروەها لە وشەی (ئاران) هاتووە کە ناوی پاشای شارەکە بووە[x]. لە سەردەمێک لە سەردەمەکانی مێژوویی.

شاری حەران لە شارە کۆنەکانی هەرێمی جەزیرەی فوراتییە بەڵکو دەڵێن یەکەم شارە دوای لافاوەکەی پێغەمبەر نوح (س) لەسەر دەستی هاران براکەی ئیبراهیم (س) دروستکراوە[xi] هەروەها گوتراوە یەکەم شارە دوای شاری بابل بونیات نراوە[xii]، دەکەوێتە سەر هێلی درێژی 65 پلە و هێلی پانی 36 پلە[xiii].

شارەکە لە نێو بیابان بونیاتنراوەو شارێکی گەرمەو بارنی کەمە بۆیە خەڵکی شارەکە بە پلەی یەك پشت بە ئاوی بیر دەبەستن بۆ ئاودانو ئاوخواردنەوە[xiv]، لەراستیدا بوونی ئاو لە هەر شوێنێك هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروست بوونی شارو ئاوەدانی، شاری حەرانیش یەکێکە لەو شارانەی کە ئاوی بیری زۆر بیووە بەڵکو چوار دەوری شارەکە بە بیر دەورە دراوە کە هۆکارێکی راستەوخۆ بووە بۆ پشت بەستنی شارەکە بەم بیرانەو ئاودانی رەزو باخەکانیان[xv]، گرینگترین بیری شارەکەش بیری هەزبانەیە کە بە سەروچاوەی رووباری بلیّخ دادەندرێت[xvi]، لە باشور و رۆژهەڵات بە چیا دەوردراوە بە دووری 10کم[xvii]، (یاقوت الحموی) دەڵێت: ناوی شارەکە لە ئاووهەوای شارەکە وەرگیراوە واتا لەبەر گەرمی ناو لێنراوە حەران، چونکە حەران بە عەرەبی واتا گەرمی[xviii]، هەرچی (حمێری و ئیبن جوبەیر) دەڵێن: ئەم شارە مانای سەرمابوون نازانێت بۆیە ناونراوە حەران[xix]، بە پێی وتەی ئەم جوگرافی ناسانە وا بۆی دەچن کە شارەکە، شارێکی گەرمەو سارماو سۆلەی کەمە. هەر بۆیە ناونراوە حەران چونکە حەران لە لایەن عەرەبەکان بە مانای گەرمی دێت.

دووەم/ پێکهاتەی شاری حەران

زۆربنەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە شاری حەران، شاری ئاینی صابئییە[xx]، ئەگەرچی ئاینی تریشی تێدا دەژیا وەکو ئاینی مەسیحی و یەهودی و دواتر ئاینی ئیسلامیش[xxi] شارەکە چەندەها شوێنی پەرستنی ئەم ئاینانەی لە خۆوە گرتووە وەك شوێنی پەرستنی ئاینی صابئییەکان کە ناسراوو بوو بە (هەیکەل)، هەروەها پەرستگایەکیان کە لەسەر گردێك دروستیان کردوو بوو دەیگەرێنەوە بۆ شوێنی جێنشینی ئیبراهیم (س) و خێزانەکەی سارا، کە لەلای حەرانییەکان زۆر پیرۆزە[xxii]، جگە لە صابئییەکان شارەکە مەسیحیشی تێدابوو کە ئەوانیش خاوەن چەندەها دێرن لە رۆژئاوای شارەکە[xxiii]، هەرچی جولەکەکان ئەگەرچی ژمارەیان کەم بووە بەڵام ئەوانیش خاوەن کەنیسەی تایبەتی خۆیان بوون کە لە لایەن عیزرا (س) بنیات نراوە[xxiv]، دوای فەتحکردنی حەران لە لایەن موسوڵمانان لە ساڵی (18ك/ 633ز) موسڵمانەکانیش مزگەوتیان تێیدا بنیاتناوە[xxv].

سێیەم/ چەند سیماتێکی شاری حەران

شاری حەران وەکو شارە کۆنەکانی سەردەمی خۆی بە شورەیەکی قایم دەورە درابوو[xxvi]، هەروەها شورەکە چوار دەرگای سەرەکی هەبوو کە ئەمانەن: (دەرگای رۆژهەڵاتو باکور پێی وتراوە دەرگای بایەزید، دەرگای باشوریش پێی گوتراوە، دەرگای رەقە، هەرچی دەرگای رۆژئاوایە پێی گوتراوە دەرگای فورات)[xxvii]، لە بەشی رۆژهەڵاتی شارەکەش قەڵایەکی سەخت و مەزن بونیاتنراوە کە ئەویش بە شورە دەوردراوە[xxviii].

شاری حەران زۆر ئاوەدان و گەرم گور بووە لە لایەنی ئابوری، چونکە خاوەن بازارێکی گەورەو رێکوپێك بووە، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تر خاوەن چەندەها بەروبوومی دیار بووە وەکو لۆکە و هەنگوینو .... هتد، کە ئەمەش وای کردووە ئاڵو گۆری بازرگانی تێیدا بە تەواوی بەدیار بکەوێت[xxix]، جگە لەوەی ئەم شارە شارێکی شارستانی بووەو چونکە بونی قوتابخانە و چەندەها زانای بەناوبانگ وەك (سابت کوری قەرە، سینان کوری سابت...هتد)[xxx] بەڵگەن لەسەر پێشکەوتووی ئەم شارە ئەمە جگە لەوەی نەخۆشخانەیەکی گەورەشی هەبووە[xxxi].

ئەم وەسفانە گشتی بەڵگەن لەسەر ئەوەی شاری حەران شارێکی گەورەو بەناوبانگ و شارستان بووە بەر لە هاتنی ئیسلام بەڵکو دوای هاتنی ئیسلام بە شێوەی راستەوخۆو ناراستەوخۆ رۆلێکی بەرچاویان هەبووە لە نوسینەوەی مێژوو شارستانیەتی ئیسلام و ناوچەکە.

**تەوەرەی دووەم/ شاری حەران لە سەردەمی دەوڵەتی راشدی (18ك تا 40ك/633ز تا 655ز)**

یەكەم/ فەتحكردنی شاری حەران لەلایەن موسولمانان

هێزی سوپای ئیسلامی كاتێك لە جەزیرەی عەرەبی دەرچوو توانی ناوچەیەكی بەرفراوان لە مولكی هەردوو دەوڵەتی ساسانی و بیزنتی فەتح بكات لە هەر یەك لە ناوچەكانی عێراق و شامی ئەوەرۆدا، ناوچەی جەزیرەی فوراتیش كە ناوچەیەكی ناوەند بوو لە نێوان هەر دوو ناوچەی عێراق و شام بە پێی ستراتیجیەتی سەربازی پێویست بوو دەوڵەتی ئیسلام ئەم ناوچەیە بگرێت لە لایەك بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی كە ئەو ناوچانەی فەتحی كردوون لە هەر یەك لە عێراق و شام جارێكی تر لە دەستی نەدات، لە لایەكی تر سیاسەتی دەوڵەتی ئیسلامی تازە پێگەیشتوو ئەوە بوو كە ئاینی ئیسلام لەم ناوچانە بڵابكاتەوە دوای ئەوەی دەتوانێت بە رێی سەربازی دەستیان بەسەر دابگرێت، ناوچەی جەزیرەی فوراتی ماوەی داگیركردنەكەی لە ساڵی حەڤدەی كۆچی دەست پێدەكات تا نۆزدەی كۆچی بەردەوام دەبێت واتا پرۆسەی فەتحكردنی ناوچەی جەزیرەی فوراتی دوو ساڵی دەخایەنێت، كە ئەمەش بە پێی جولەی سەربازی ئەوكات بە ئاسانترین ناوچە دادەندرێت كە فەتح كرابێت لە لایەن موسوڵمانان[xxxii]. شاری حەران كە شارێكی جەزیرەی فوراتییە ئەمیش لە ساڵی هەژدەی كۆچی لەسەر دەستی سەركردە (عەیازی كوری غەنەم) فەتح كراوە[xxxiii]، بەڵام چۆنیەتی فەتحكردنی بە تەواوی رون و ئاشكرا نییە، چونكە چەند روایەتی سەرەكی هەن كە باس لە فەتحكردنی شارەكە دەكەن، كە ئەمانەن:

روایەتی یەكەم: دەڵێت عەیازی كوری غەنەم، دوای فەتحكردنی شاری رەقە، بەرەو شاری حەران دێت و لە ناوچەی (باجدی)[xxxiv] سەربازگەی خۆی دادەنێت ئینجا بەرو شاری حەران بەرێ دەكەوێت، خەڵكی حەران دەرگای شارەكەیان دادەخەن و رێگا بە سوپای موسوڵمانان نادەن بێنە ناو شارەكە، دواتر خەڵكی حەران داوایان لە سەركردە عەیازی كوری غەنەم كرد بچێتە شاری رەها و بزانێت ئەوان چ بریارێك دەدەن لەسەر ئەم باروودۆخە، هەر بریارێكیش ئەوان بدەن، خەڵكی حەرانیش رازی دەبێت پێی، دوای ئەمە سەركردە عەیازی كوری غەنەم بەرەو شاری رەها دەروات، بەڵام خەڵكی شاری رەها بەرهەڵستی سوپای ئیسلام دەكەن و ماوەی كاتژمێرێك لە سوپای موسوڵمانان دەدەن و سەربازی شارەكەش دەردەچێ بۆ لێدانی سوپای موسوڵمانان، بەڵام سوپای موسوڵمانان دەتوانێ سەربكەوێت وسەربازەكانی شاری رەها ناچار بكات بگەرێنەوە ناو شارەكەو داوای رێكەوتن بكەن، بەمەش سەركردە عەیازی كوری غەنەم، وەڵامی داوەكەیانی دەداتەوەو نوسراوێك بۆیان دەنوسێت كە ئەمە دەقەكەیەتی ((بەناوی خوای پەخشندەو میهرەبان: ئەم نوسراوە لە عەیازی كوری غەنەم بۆ ئەسقوفی رەهایە ئەگەر ئێوە دەرگای شارەكەم بۆم بكەنەوەو لە بەرامبەر هەر پیاوێكی دینارێك و برێك گەنم بدەن ئەوا دڵنیا دەبن لە خۆتان و سامانتان هەروەها دواكەوتوانتان، هەروەها پێویستە رێنیشاندەر بن بۆ بزربوان و پردەكانیش چاك بكەن و ئامۆژگاری موسوڵمانانیش بكەن، خوا شاهێدە لەسەر ئەم نوسراوە))[xxxv].

روایەتی دووەم: ئەویش باس لەوە دەكات، كاتێك سەركردە عەیازی كوری غەنەم دوای فەتحكردنی شاری رەقە بەرەو شاری حەران دەچێت، بەڵام دەبینێت شارەكە چۆڵەو خەڵی شارەكە بەجێیان هێشتوەو رویان كردۆتە شاری رەها، دوای فەتحكردنی شاری رەها لە لایەن سوپای ئیسلامی بەسەركردایەتی عەیازی كوری غەنەم خەڵكی شاری حەران هەمان بەندەكانی رێكەوتنامەی رەهایان لەگەڵ سەركردە عەیازی كوری غەنەم مۆر كرد بەمە شاری حەران دەكەوێتە ژێر دەسەڵاتی سوپای موسوڵمانان[xxxvi].

روایەتی سێیەم: ئەم روایەتەش ئاماژە بەوە دەكات كە شاری حەران دوای شاری رەها فەتح كراوە لە لایەن سوپای موسوڵمانان، وە لەسەر هەمان رێكەوتنامەی رەهای[xxxvii]. كاتێك سەركردە عەیاز كوری غەنەم دەگاتە شاری حەران خەڵكی شارەكە كە پێكاتبوون لە نەبتی و رۆمی ئەمانیش دەرگای شارەكەیان بەرووی سوپای ئیسلام داخست بەڵام دوای ئەوەی زانیان شارەكە هەر دەگیرێت رازی بوون رێكەوتن ببەستن لەگەڵیان، رێكەوتنەكەش هەمان رێكەوتنی شاری رەها بوو[xxxviii]، ئەم رووداوە لە رۆژی دووشەممەی مانگی موحەرەم لە كاتی نوێژی عەسردا روودەدات، چەند رۆژێك سەركردە عەیازی كوری غەنەم لە شارەكە دەمێنێتەوەو دوای كۆكردنەوەی پارەی سەرانەی خەڵكی شارەكە بەرەو شاری رئسوئەلعەین بەرێدەكەوێت[xxxix].

ئەگەر تەماشای روایەتەكان بكەین بۆمان دەردەكەوێت كە شاری حەران دوای شاری رەقە فەتح كراوە، وە لەسەر رێكەتنامەی شاری رەها شارەكە كەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی سوپای موسوڵمانان، بەڵام ئەم روایەتانە لە دووشت یەك ناگرێتەوە

ئەویش ئەوەی کە خەڵکی شاری حەران لە ناو شارەکە ماونەتەوەو بەرهەڵستی سوپای ئیسلامیان کردووە یان هەڵاتونوو روویان کردۆتە شاری رەها، بۆچی تەنها شاری رەها، چونکە:

یەکەم: شاری رەها شارێکی نزیك بووە لە شاری حەران [xl].

دووەم: شاری رەها مەڵبەندی مەسیحیەت بووە و لەوانەیە مەسیحییەکانی شاری حەران پەنایان بۆ شاری رەها هێناوەو یاخود ویستویانە بەرهەڵستی سوپای ئیسلام بکەن لە شارەکە و پارێزگاری لە شارەکەش بکەن بەرامبەر هێرشی سوپای ئیسلامی.

سێیەم: شاری حەران لەبەر ئەوەی شاری چەند ئاینێك بووە لەوانەیە هەردوو روایەت راست بن، واتا خەڵکێکی زۆر لە شارەکە ماوەتوەو بەرگریان لە شارەکە کردوە، بەتایبەتی صابیئەکان، ئەوانی تر واتا مەسیحییەکان شارەکەیان جێهشتبێت و روویان کردبێتە شاری رەها.

دوای ئەوەی شارەکە فەتحکرا، سەرکردە عەیازی کوری غەنەم کەسێك لەسەر شارەکە دادەمەزرێنێ و دەیکاتە بەرپرسی شارەکە ئینجا بەرەو شاری سمیسات بەرێ دەکەوێت بۆ ئەوەی فەتحی بکات، ناوچەی جەزیرەی فوراتی گشتی دوای ساڵی نۆزدەی کۆچی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلام لەسەردەمی خەلیفە (عومەری کوری خەتاب 13ك- 23ك/ 628ز- 638ز)، ئەمیش سەرکردە عەیازی کوری غەنەم دەکاتە بەر پرسی گشتی ناوچەکانی جەزیرەی فوراتی لە نێویشدا شاری حەران. دوای ئەوەی خەلیفە (عومەری کوری خەتاب) بە سەردانێك دێت بۆ ناوچەی جابیە [xli] بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی شەر بێت لە گشت بەرەکانی شەر لە عێراق و شام و جەزیرەی فوراتی، لەم ناوچەیە بریار دەدات کە سەرکردە (حبیب کوری موسلمە) ببێتە بەرپرسی بێگانەکانی ناوچەی جەزیرەی فوراتی، سەرکردە (وەلید کوری عوقبە)ش ببێتە بەرپرسی عەرەبەکانی جەزیرەی فوراتی، بەمەش شاری حەران لەبەر ئەوەی لەم مێژووەدا تەنها خەڵکی غەیری عەرەبی تێدا بوو بۆیە کەوتە ژێر سەرپەرشتی سەرکردە (حبیب کوری موسلمە) [xlii].

دووەم/ بارودۆخی شاری حەران دوای فەتحکردنی لەلایەن موسوڵمانان

لە سەردەمی خەلیفە (عوسمانی کوری عەفان 23ك-36ك/638ز-651ز) ناوچەی جەزیرەی فوراتی بە گشتی عوسمانی بوون واتا لایەنگری خەلیفە عوسمانی کوری عەفان بوون [xliii]، هەر بۆیە دوای کوشتنی خەلیفە عوسمانی کوری عەفان لەسەر دەستی نەیارانی، خەڵکی جەزیرەی فوراتی لە نێوانیشیاندا شاری حەران وەکو خەڵکی جەزیرە دەنگیاندا بە والی شام (معاویەی کوری ئەبو سوفیان)دا، چونکە (معاویەی کوری ئەبو سفیان) لە هەوڵی ئەوە دابوو تۆڵەی کوشتنی خەلیفە (عوسمانی کوری عەفان) بکاتەوە لە بکوژانی ئەم هەڵوێستەی خەڵکی جەزیرەی فوراتی وای لە خەلیفەی تازە هەڵبژێردراوی شاری مەدینە (عەلی کوری ئەبی تالیب 36ك - 39ك/651ز-654ز) کرد کە هێزێك بە سەرکردایەتی (ئەشتەر ئەلنەخعی) بنێرێت بۆ شاری حەران بۆ ئەوەی کۆتایی بە هەڵگەرانەوەی خەڵکی جەزیرەی فوراتی بهێنێت، کە ئەو کات (زەحاك کوری قەیسی فەهری) تێدا بوو کە والی (معاویەی کوری ئەبوسوفیان) بوو لە جەزیرە، کاتێك زەحاك زانی هێزێك بەرێوەیە بۆ لە ناوبردنی دەسەڵاتەکەی داوای لە خەڵکی رەقە کرد کە یارمەتی بدەن بە ناردنی سوپایەك، خەڵکی رەقەش ئامادەسازیان کرد بۆ یارمەتیدانی شاری حەران لە دژی سوپاکەی خەلیفە عەلی [xliv].

هەردوو سوپا لە نزیکی شاری حەران پێك گەیشتن شەر لە بەیانی دەستی پێکرد تاوەکو تاریکی شەو بەردەوام بوو بەڵام سوپاکەی زەحاك کوری قەیس شکستی هێناو ناچار بوو پاشەکشەی بکات بۆ ناو حەران دوای ئەمە ئەشتەر ئەلنەخعی ئەمەی بە هەڵ زانو ئابلوقەی خستە سەر شاری حەران، (معاویەی کور ئەبو سوفیان) کە بەمەیزانی سوپایەکی گەورەی لە شام بە سەرکردایەتی (عەبدولرحەمان کوری خالید کوری وەلید) نارد بۆ تێشکاندنی ئابلوقەکەی سەر شاری حەران، ئەم سوپایە کە دەگاتە نزیك شاری رەقە سوپاکەی ئەشتەر ئەلنەخعی ئابلوقەکەی سەر حەران لادەداتو رووبەرووی سوپاکەی عەبدولرحمان دەبێتەوەو لە نزیکی شاری رەقەو دەتوانێ هێزەکە تێك بشکێنێ پاشان ئابلوقەی شاری رەقە بدات، بەڵام ئەمجارەیان زەحاك بە سوپایەکەوە دەردەچێت لە حەران بۆ ئەوەی یارمەتی خەڵی رەقە بدات، لە هەمان کاتدا معاویە هێزێکی تر دەنێرێت بەسەرکردایەتی (ئەیمەن کوری خزێم ئەلئەسدەی) بۆ یارمەتیدانی هێزەکەی زەحاك، بەڵام ئەو سوپایەش تێك دەشکێ و ئەشتەر ئەلنەخعی دەست بەسەر هەموو لایەکی جەزیرەی فوراتی دادەگرێت هەروەها شاری حەرانیش [xlv] دەگرێت، بەمە هەموو ناوچەی جەزیرە دەکەوێتە

ژێر دەسەڵاتی خەلیفە (عەلی کوری ئەبی تالیب) شاری حەرانیش دەبێتە بنکەی دەسەڵاتی ئەم دەسەڵاتە نوێیە، وایێ دەچێت هەر لەسەردەمی خەلیفە عوسمانی کوری عەفانیش شارەکە بنکەی دەسەڵاتی دەوڵەتی راشدی بوبێت.

**تەوەرەی سییەم/ شاری حەران لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەوەی (41ك تا 132ك/ 656ز تا 747ز)**

یەکەم/ شاری حەران لەسەردەمی سەرەتاکانی دەولەتی ئومەوی

سەردەمی ئومەوی کە دەست پێ دەکات 41ك[xlvi]/ 621ز تا 132ك/712ز[xlvii] یەکەم خەلیفەی ئومەوی (معاویە کور ئەبو سوفیان 41ك-61ك/ 621ز-662ز)ە[xlviii] کە دەسەڵات وەردەگرێت دەتوانی بارودۆخی دەوڵەتی ئیسلام جێگیر بکات بەتایبەتی دوای ئەوەی جیهانی ئیسلامی چەندەها نەهامەتی بەخۆوە بینی کە ئەویش بریتییە بوو لە شەرەکانی نێوان خەلیفە (عەلی کوری ئەبی تالیب 36ك-40ك/616ز-620ز)[xlix] لەگەل والی شام (معاویە کوری ئەبو سوفیان)، بەڵام ئەوەی گرینگە لای ئێمە ئەوەیە کە شاری حەران پاڵپشتی (معاویەی کوری ئەبو سوفیان) بوو بەڵکو ئەم پشتگیرییە شارەکەی توشی شەرو ئاژاوەی کردبوو وەکو ئاماژەمان پێکرد لە تەوەرەی پێشوو.

شاری حەران لەسەردەمی ئومەویدا پێگەیەکی زۆر گرینگی ئیداری هەبوو چونکە شارەکە بنکەیەکی زۆر گرینگی دەوڵەتی ئومەوی بوو، جگە لەوەی والییەکانی ناوچەی جەزیرەی فوراتی شارەکەیان کردبووە بنکەی حوکمیان شارەکە چەندەها دامودەزگای گرینگی دەوڵەتی تێدابوو وەك بەیتومال[l] هەروەها بەندیخانە[li] هەروەها خەلیفەکانی ئومەوی کاتێك دەردەچوون بۆ جیهاد کردن دژی دەوڵەتی بیزنتی شاری حەرانیان دەکردە بنکەیەکەی جێگیربونیان لە ناوچەکە بۆ ئەوەی لەوێوە نزیك بن لە بەرەکانی شەرو ئاگاداری بارودۆخی شەر بن، وەکو چۆن خەلیفە (هشام کوری عەبدو ئەلمەلیك) لە شاری حەران دادەنیشێت کاتێك دەردەچێت بۆ شەرکردن لەگەڵ بیزنتییەکان[lii] ئەمە جگە لەوەی هەر کە خەلیفە مەروان کوری موحەممەد دەسەڵاتی وەردەگرێت شاری حەران دەکاتە پایتەختی دەولەتی ئومەوی[liii].

دووەم/ لە سەردەمی خەلیفە مەروان کوری موحەممەد (127ك تا 132ك/ 742ز تا 747ز)

خەڵکی جەزیرەی فوراتی لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی ئومەوی وایێ دەچێت زۆرینەیان مەیلیان زیاتر بەرەو بەرەی (خەوارج)[liv] بوو بێت، بە تایبەتی لە ساڵی 127ك/ 743ز کاتێك خەوارجەکان بەهێز دەبن و ناوچەی جەزیرەی فوراتی و ئازربێجان هەڵدەبژێرن بۆ ئەنجامدانی کارەکانی خۆیان، ئەوەی ئێمە زیاتر مەبەستمانە ئەو بزوتنەوەیە کە مەترسی دەخاتە سەر شاری حەران کە ئەویش بزوتنەوەی (زەحاك کوری قەیس ئەلشەیبانی)یە[lv] ئەم سەرکردەیە کەسایەتییەکی بە توانا بوو سەرکردایەتی بزوتنەوەی خەوارجی دەکرد لەم سەردەمە، دوای ئەوەی توانی چەند سەرکەوتنێك بە دەست بێنێت هەوڵیدا بەرەو شاری حەران بەرێکەوێت دەوڵەتی ئومەوی لە ناوی ببات چونکە ئەوکات شاری حەران بنکەی سەرەکی حوکم کردن بوو[lvi]، هێزی خەوارج کە نزیکی شاری حەران و نەسیبین[lvii] و رقە[lviii] دەکەوێت وایێ دەچێت شارەکانیان داگیر کرد بێت چونکە کاتێك (مروان کوری موحەممەد) دەردەچێت لە حەران بۆ لە ناوبردنی نەیارانی لە جەزیرەو ناوچەکانی تری دەوڵەتی ئومەوی ساڵی 128ك/745ز کاتێك دەگەڕێتەوە شاری حەران خۆش حاڵ دەبێت بە نەمانی خەواریجەکان تێیدا[lix]، کەواتە ئەم روداوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شاری حەران دەگیرێت لە لایەن خەوارج ئەگەرچی هیچ سەرچاوەیەك ئاماژەی راستەخۆ ناکات بە گرتنی شارەکە لە لایەن خوارج، بەڵام لەبەر ئەوەی خەوارج لە شارەکانی نزیکی شاری حەران بوون لەوانەیە مەترسیان دروست کردبێت لەسەر گرتنی شارەکە[lx].

بۆیە کاتێك بانگەوازی عەباسی بە دیار دەکەوێت لە کۆتاییەکانی سەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا ئەوەندە گرینگیانەدەدا بە شاردنەوەی کەسایەتیە بانگخوازەکانی خۆیان لەم ناوچەیە واتا ناوچەی جەزیرەی فوراتی لەبەر ئەمەش بوو بانگخوازەکانی عەباسی دەستیان کرد بە ناردنی لایەنگیرانی خۆیان بۆ شارە جیاجیاکانی جەزیرەی فوراتی بۆ ئەوەی بیرۆکەی بزوتنەوەی عەباسیان تێیدا بڵاو بکرێتەوە[lxi]، بەڵام شاری حەران جیاواز بوو لە چاو شارەکانی تری جەزیرەی فوراتی لەسەردەمی دەولەتی ئومەوی بەتایبەتی لە سەردەمی خەلیفە (مەروانی کوری موحەممەد)[lxii]، چونکە شاری حەران شارێکی ئاسایی نەبوو لەم ماوەیەدا وەکو ئاماژەمان پێکرد شارەکە لە کۆتاییەکانی دەولەتی ئومەوی پلەیەکی بەرزی هەبوو چونکە ببووە بنکەی دەسەڵاتی خەلیفەی ئومەوی بەتایبەتی خەلیفە (مەروان کوری موحەممەد)، ئەمە لە لایەك لە لایەکی تر ناوچەی جەزیرەی فوراتی بەگشتی و شاری

حەران بەتایبەتی هێزێکی زۆری دەولەتی ئومەوی تێدا کۆببۆوە بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن بە نەیارەکانیان لە خەوارج و بزوتنەوەی عەباسیدا دەست بەسەر ناوچەکە دابگرن[lxiii]، یاخود بیرۆکەی خۆیان تێدا بڵاوبکەونەوە، جگە لەمە ناوچەی جەزیرە ناوچەیەکی هاوسنور بوو لەگەڵ دەوڵەتی بیزنتی کە بە بەردەوامی مەترسی هەبوو لەسەر ناوچەکانی تری دەوڵەتی ئیسلام، لەبەر ئەوە گرینگی ناوچەی جەزیرەی فوراتی بە گشتی و ناوچەی شاری حەران بەتایبەتی بە دیار دەکەوێت چونکە شاری حەران کەوتنی کەواتە کەوتنی دەولەتی ئومەوی بوو چونکە دامو دەزگا گرینگەکانی دەوڵەت لەم شارەدا کۆببۆوە[lxiv].

شاری حەران تایبەتمەندییەکی خۆی هەبوو بۆ بزوتنەوەی دەولەتی عەباسیدا چونکە ئەم شارە بووە ڕێگر لە بەردەم سەرۆکی بزوتنەوەی دەولەتی عەباسی کە بەکارەکانی خۆی هەڵبستێت، چونکە ڕێکخەری بزوتنەوەکە کە ناسراو بوو بە (ئیبراهیم ئەلئیمام)[lxv] لەلایەن دەولەتی ئومەوی دەستگیر دەکرێ دەنێردرێتە لای (عەبدوڵای کوری مەروان) کە ئەو کاتە بەرپرسی جەزیرەی فوراتییە و لە شاری حەران دادەنیشت، دواتر ڕەوانەی بەندیخانەی شاری حەران دەکرێ[lxvi] لەوێ دەمێنێتەوە تا دەکوژرێ[lxvii]، (ئیبراهیم ئەلئیمام) لە لایەن خەلیفە (مەروانی کوری موحەممەد) دادگا دەکرێت لە کۆشکی خەلیفەی لە یەك لە کۆڵانەکانی شاری حەران، بە تەواوی داهاتوی ئەم کەسایەتییە دیار ناکرێ کە چی لێکراوە دوای دادگا کردنەکە، ئەگەر چی زۆرینەی سەرچاوەکان کۆکن لەسەر کوشتنی ئیبراهیم ئەلئیمام لە ساڵی 132ك/747ز بەڵام کۆك نینە لەسەر چۆنیەتی کوشتنەکە[lxviii].

لەم ماوەیەدا دەوڵەتی ئومەوی توشی شەڕێکی گەورە دەبێت لەگەڵ بووتنەوەی عەباسی کە دەتوانن سوپایەکی گەورە ئامادە بکەن بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی ئومەوی وە سوپای عەباسییەکان چەندەها ناوچەی دەوڵەتی ئومەویان داگیر کردبوو هەروەها چەندەها سەرکەوتنی گەورەیان تۆمار کردبوو دژی دەوڵەتی ئومەوی، بە تایبەتی کاتێك سوپای عەباسی دەگاتە ناوچەی (شارەزوور)[lxix] ئەمە وا لە دەسەڵاتدارانی ئومەوی دەکات هەوڵێك بدەن بۆ ڕێگرتن لە لەناوچوونی دەوڵەتی ئومەوی، هەر بۆیە خەلیفە (مەروانی کوری موحەممەد) لە ساڵی 132ك/747ز بە سەرکردایەتی سوپایەکی گەورە لە شاری حەران دەردەچێت و بۆ ڕووبەڕووی سوپاکەی بزوتنەوەی عەباسی لە ناوچەی (زابی گەورە)[lxx] کە ئەنجامەکەی کۆتایی دێت بە شکست هێنانی سوپای دەوڵەتی ئومەوی، (مەروانی کوری موحەممەد) ناچار دەبێت پاشەکشە بکات بە سوپاکەی بۆ شاری موصل[lxxi] دواتر بۆ شاری نوسەیبین کە شەوو ڕۆژێك تێیدا دەمینێتەوەو دواتر دەگەڕێتەوە بۆ بنکەی دەسەڵاتی لە شاری حەران کە تێیدا تەنها بیست شەو دەمێنێتەوەو[lxxii] بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی کۆبکاتەوەو سوپا ئامادە بکات تاوەکورابکات بۆ ناوچەی میسر[lxxiii].

دوای ڕاکردنی مەروانی کوری موحەممەد بەجێهێشتنی شاری حەران، سەرکردەی عەباسی (عبداللە کوری عەلی) ڕوودەکاتە شاری حەران کە ئەو کاتە (ئابان کوری یەزید کوری موحەممەد) بەر پرسی شارەکە بوو ڕووبەڕووی سەرکردە (عبداللە کوری عەلی) دەبێتەوە بەڵام دەدۆرێ و شارەکە ڕادەستی عبداللە دەکات[lxxiv] ئەویش دوای گرتنی شارەکە کۆشکی خەلیفە (مەروانی کوری موحەممەد) دەروخێنێ و[lxxv] پاشان (موسای کوری کەعب) دەکات بەرپرسی ناوچەی جەزیرەی فوراتی[lxxvi]، ئینجا موسای کوری کەعب دەست بەکار بوو وەکو بەرپرسی ناوچەی جەزیرەی فوراتی کە بنکەی دەسەڵاتەکەشی شاری حەران دەبێت، یەکەم بڕیاریش کە دای دوای جێگیربونی باروودۆخی دەوڵەتی عەباسی بریتی بوو لە ناچار کردنی موسوڵمانان کە جلوبەرگی ڕەش بپۆشن کە ئەمەش ئاماژەیە بە پابەند بوونیان بە بزووتنەوەی دەوڵەتی عەباسی[lxxvii].

دوای لەناوچونی دەوڵەتی ئومەوی ناوچەی جەزیرەی فوراتی ئەو گرینگییەی نەما کە پێشتر هەیبوو لە سەردەمی ئومەوی بەڵام شاری حەران هەر گرینگی خۆی هەبوو چونکە وەکو بنکەی دەسەڵاتی والییەکانی جەزیرەی فوراتی ماوە بەڵگەش لەسەر ئەم قسانە کاتێك خەڵکی نارازی جەزیرەی فوراتی هەڵگەڕانەوە لە دەسەڵاتی عەباسی و سپیپان پۆشی ڕوویانکردە شاری حەران کە والی عەباسییەکانی تێدا بوو (موسای کوری کەعب) توانیان ماوەی دوو مانگ شارەکە ئابلوقە بدەن، بەڵام لەبەر ئەوەی شارەکە سەربازێکی زۆری دەوڵەتی عەباسی تێدا بوو نەیاتنوانی شارەکە بگرن بەڵکو تەنها ئابلوقەیان خستە سەر شارەکە و دواتر دەوڵەتی عەباسی توانی ئەم ئابلوقەیە کۆتایی پێ بهێنێ و شارەکە ڕزگار بکات لە دەستی یاخیبوان شارەکەو ناوچەکانی تریش گشتی کەوتە ژێر دەسەڵاتی تازەکەی دەوڵەتی عەباسی لە ساڵی 132ك/ 747ز[lxxviii].

**ئەنجام**

1- شاری حەران کۆنترین شاری هەرێمی جەزیرەی فوراتییە، دووەمین گەورەترین شارە لەو هەرێمە.
2- شارەکە چەندەها ئاین لەخۆ دەگرێت بەڵام بە شاری ئاینی صابئییەکان ناسراوە.
3- خاوەن شارستانییەتێکی دەوڵەمەندەو خاوەن زانای بەناوبانگە.
4- شارێکی دیارو بەناوبانگ بوو لەسەردەمی راشدی وبنکەی حوکمی والییەکانی هەریمی جەزیرەی فوراتی بوو لەو سەردەمە.
5- پێگەیەکی دیاری ئیداری هەبووە لەسەردەمی ئومەویدا توانویەتی لە کۆتایی ببێتە پایتەختی مولکی ئومەوییەکان.
6- خەڵکی شارەکە زۆرینەی کات پاڵپشتی دەسەڵات بوینە.
7- بەشدارییەکی راستەخۆیان هەبوو لە نوسینەوەی گۆرانکارییە سیاسی وسەربازییەکانی ناوچەکە جگە لەبەشداریکردنی لە نوسینی شارستانیەتی ئیسلام.

**راسپاردە**

زانکۆ لە گشت ناوچەیەکی دونیا رۆڵی سەرەکی دەبینێت بۆ دروستکردن و بوژانەوەی هەستی خۆشەویستی زانستی لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگا، بۆیە زانکۆ دەتوانێت پێشەنگ بێت لە بڵاوکردنەوەی زانست و دروستکردنی تاکێکی تەندروست لە ناو کۆمەڵگا بە کارە زانستییەکانی، وە بۆ ئەوەی هەر میلەتێک لە جیهان پێشکەوێت پێویستە گرینگ بە زانستی مێژوویی بدات تاوەکو مێژووی ببێتە دەرسو رێنیشاندەری بۆ داهاتووی.

توێژینەوەکەی ئێمە لەسەر مێژووی شاری حەرانە، لەراستیدا ئەم شارە خاوەن کۆمەڵگایەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی تایبەت بووەو خاوەن شوێنەوارێکی گرینگە لە مێژوودا، بۆ ئەوەی پارچە بە پارچە ناوچەکانی کوردستانی ئەمرۆ بەم نەوە نوێیە بناسێنین پێویستمان بە توێژینەوەی لەم جۆرە هەیە کە باس لە شارێکی ناوچەیەکی کوردی دەکات، پێویستە لەسەر پەیوەندیدارانی بواری زانستی هەوڵبدەن مۆزەخانەی تایبەتی لە شارەکانی هەرێم دروست بکەن بۆ پیشاندانی شوێنەواری شارەکانی تری کوردی هەروەها ئەنجامدانی گەشتی زانستی بۆ ئەم ناوچانە تاوەکوتاکی کورد لە نزیکەوە شارەزای شوێنەواری مێژووی خۆی بێت.

**پەراوێز**

---

[i] - البلاذري، فتوح البلدان، وضع حواشية: عبدالقادر محمد على، دار الكتب العلمية، بيروت، 2000م، ص107-109؛ الهمداني، البلدان، تحقيق: يوسف الهاوي، عالم الكتب، بيروت، 1996م، ص179؛ ابن خرداذبة، المسالك والممالك، مكتبة المثنى، بغداد، د.ت، ص73؛ القزويني، اثار البلاد واخبار العباد، دار الصادر، ط3، بيروت، 2011م، ص351.

[ii] - جەزیرەی فوراتی: ناوچەیەکە پێك هاتوە لە هەرێمەکانی (دياربكر و ديار موزر و ديار ربيعه) پێی گوتراوە جەزیرە لەبەر ئەوەی دەکەوێتە نێوان رووباری فورات و دیجلە. قزويني، اثار البلاد، ص351.

[iii] - الأصطخري، المسالك والممالك، مطبعة بريل، ليدن، 1870م، ص36.

[iv] - ابن خرداد ذبه، المسالك والممالك، ص175.

[v] - سعيد المغربي، كتاب الجغرافيا، تحقيق: اسماعيل العربي، بيروت، 1970م، ص156.

[vi] - فاير، مادة حران، ترجمة : ابراهيم زكي خورشيد واخرون، دائرة المعارف الأسلامية، طهران، 1923م، ج7، ص354.

[vii] - البيروني، الأثار الباقية عن القرون الخالية، لبيزك، 1923، ص206.

[viii] - دائرة المعرف الأسلامية، ج7، ص354.

[ix] - البكري، معجم ما استعجم من اسماء البلاد والمواضع، تحقيق: مصطفى السقا، مط: لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة، 1945م، ج1، ص435؛ البكري، المسالك والممالك، تحقيق: ادريان فان ليوفن واندري فيري، دار الغرب الاسلامي، د.ت،

1992م، ج1، ص105-106؛ الحميري، الروض المعطار في خبر الأقطار، حققه: احسان عباس، مطبعة، هيد لبرغ، ط2، بيروت، 1982م، ص191؛ ياقوت الحموي، معجم البلدان، قدم لها: محمد عبدالرحمن المرعشلي، دار احياء التراث العربي، بيروت، (د.ت)، مج2، ص130؛ ابن جبير، رحلة ابن جير، دار صادر، ط3، بيروت، 2012م، ص220.

x- ابن حوقل، صورة الأرض، دار مكتبة الحياة، بيروت، 1992، ص190؛ الأدريسي، نزهة المشتاق في اختراق الافاق، مطبعة عالم الكتب، بيروت، 2010م ، ص309.

xi- البكري، المسالك والممالك، ج1، ص106؛ ياقوت الحموي، مج2، ص130؛ البغدادي، مراصد الاطلاع على اسماء الامكنة و البقاع، تحقيق والتعليق: على محمد البجاوي، مطبعة الدار الجيل، ط1، 1992م، ص389؛ الروض المطار، ص191.

xii- الهمداني، البلدان، ص458.

xiii- سعيد المغربي، كتاب الجغرافيا، ص156.

xiv- الحميري، روض العطار، ص191.

xv- ابو الفداء، تقويم البلدان، دار الطباعة السلطانية، باريس، 1840م، ص277.

xvi- الأنصاري، نحبة الدهر في عجائب البر والبحر، د.م، 1923م، ص191.

xvii- ابو الفداء، تقويم البلدان، ص277.

xviii- معجم البلدان، مج2، ص130.

xix- روض المعطار، ص192؛ رحلة ابن جبير، ص219.

xx- الاصطخري، المسالك والممالك، ص36؛ الادريسى، نزهة المشتاق، ص309؛ الحميري، روض المعطار، ص191؛ ابوا الفداء، تقويم البلدان، ص277.

xxi- الحميري، روض المعطار، ص191.

xxii- ابن جبير، رحلة ابن جبير، ص220.

xxiii- الحميري، روض المعطار، ص191.

9- ياقوت الحموي، معجم البلدان، مج2، ص332.

10- المصدرنفسه، مج2، ص358.

xxiv-بنيامين التطيلي، رحلة بنيامين، ترجمة: عزرا حداد، مط: شرقية، ط1، بغداد، 1945، ص124.

xxv- الحميري، روض المعطار، ص191.

xxvi- الحميري، روض المعطار، ص191؛ ابن جبير، رحلة ابن جبير، ص221.

xxvii- الحميري، روض المعطار، ص191.

xxviii- ابن جبير، رحلة ابن جبير، ص222.

xxix- المصدر نفسه، ص221.

xxx- ابن النديم، الفهرست، ضبطه وشرحه وعلق عليهوقدم له: يوسف علي طويل، دار الكتب العلمية،بيروت، ط2، 2002م، 435-436.

xxxi- ابن جبير، رحلة ابن جبير، ص221.

xxxii- الطبري، تاريخ الم والملوك، تحقبق: نواف الجراح، بيروت، 2005م، مج2، ص683-684.

xxxiii- الطبري، تاريخ الم والملوك، مج2، ص684؛ ابن اعثم الكوفي، الفتوح، تحقيق: علي شيري، مط: دار الاضواء، بيروت، 1991م، ج1، ص 255.

xxxiv- باجدى: گوندێكی گەورەیە دەكەوێتە نێوان شارى رەسوئەلعەین و شارى رەقە، خاوەن شورەو رەزوباخە، گوندى زاناى بەناوبانگی حەرانە (ئیبن تەیمییە). ياقوت الحموي، معجم البلدان، مج1، ص250.

xxxv - البلاذري، فتوح البلدان، ص108-109؛ الحميري، الروض المعطار، ص273.

xxxvi - البلاذري، فتوح البلدان،109.

xxxvii - المصدر نفسه، ص 109.

xxxviii - ابو يوسف، الخراج، تحقيق: طه عبدالرؤوف سعد و سعد حسن محمد، القاهرة، 1999، ص51.

xxxix - ابن اعثم الكوفي، الفتوح، ج1، ص256.

xl - ابن حوقل، صورة الأرض، ص190؛ الادريسي، نزهة المشتاق، ص309-310؛ الأصطخري، المسالك والممالك ،ص35؛ ابوالفداء، تقويم البلدان، ص374.

xli - جابیە: گوندێکە سەر بە شاری دیمەشقە، خەلیفە عومەری کوری خەتاب وتارێکی مێژووی تێیدا پێشکەش کرد، لەکاتی سوپای ئیسلام لە ناوچەی شام لە شەردابوون بەرامبەر بیزنتییەکان. یاقوت الحموي، معجم البلدان، مج2، ص21.

xlii - الطبري، تاريخ المم والملوك، مج2، ص684.

xliii - ابن اعثم الكوفي، الفتوح، ج2، ص493.

xliv - المصدر نفسه، ج2، ص493.

xlv - المصدر نفسه، ج2، ص493-494.

xlvi - المسعودي، مروج الذهب ومعادن الجوهر، عني به: محمد هشام النعسان، و عبدالحميد طعمة حلبي، دار المعرفة،بيروت، 2005م، ج3، ص11.

xlvii - المصدر نفسه، ج3، ص240.

xlviii - المصدر نفسه، ج3، ص11.

xlix - المصدر نفسه ج2، ص311.

l - الجهشياري، الوزراء والكتاب، تحقيق: مصطفى السقا واخرون،مصر، 1980م، ص53.

li - المسعودي، مروج الذهب، ج3، ص233؛ ابن الأثير، الكامل في التاريخ، ج5، ص72.

lii - الهمداني، البلدان، ص457.

liii - ابن اعثم الكوفي، الفتوح، ج2، ص314.

liv - الخوارج: کۆمەڵە کەسێك بوون لە سوپای خەلیفە عەلی کوری ئەبی تالیب دەرچوون دوای مەسەلەی بەستنی تەحکیم لەگەل والی شام معاویەی کوری ئەبو سفیان بۆ ئەوەی کۆتایی بە ناکۆکییەکانیان بهێنن بەڵام ئەم کۆمەڵە کەسە رازی نەبوون بە تەحکیم، دەرچوون لە سوپاکەی خەلیفە عەلی، چونە گوندی حەروریە گوندێکی شاری کوفەیە، شەبیب کوری رەبیع ئەلتەمیمیان کردە گەورەی خۆیان. المسعودي، مروج الذهب، ج2، ص352؛ الشهرستاني، الملل والنحل، تحقيق: سعيد الغانمي، بيروت، 2013، ص193-194.

lv - البلاذري، جمل من انساب الاشراف، تحقيق: سهيل زكار و رياض زركلي، د.م، 1997، ج10، ص253؛ الطبري، تاريخ الامم والملوك، ج4، ص1480؛ ابن الأثير، الكامل في التاريخ، مج5، ص12.

lvi - الازدي، تاريخ الموصل، تحقيق: علي حبيبة، القاهرة، 1967م، ص69

lvii - اليعقوبي، تاريخ اليعقوبي، تحقيق: عبدالأمير مهنا، شركة الأعلمي للمطبوعات، بيروت، 2010، مج2، ص269.

lviii - ابن الأثير، الكامل في التاريخ، مج 5، ص22؛ الأزدي، تاريخ الموصل، ص69.

lix - الازدي، تاريخ الموصل، ص76.

lx - ابن الأثير، الكامل في التاريخ، مج 5، ص22.

lxi - محمد جاسم حمادي، الجزيرة الفراتية والموصل، دار الرسالة للطباعة، بغداد، 1977م، ص259.

lxii - ابن اعثم الكوفي، الفتوح، ج2، 314.

[lxiii] - مجهول، اخبار الدولة العباسية ، ص ص 355- 377.

[lxiv] - ابن اعثم الكوفي، الفتوح، ج2، ص314.

[lxv] - ئیبراهیم ئەلئیمام: ناوی ئیبراهیم کوری موحەممەد کوری عەبدوڵا لە حەمیمەی سەر بە دیمەشق لە دایك بووە لە ساڵی 82ك/701ز کۆچی دوای کردووە لە بەندیخانەی حەران لە ساڵی 131ك/749ز، رابەری بزوتنەوەی عەباسییەو ئیمامەتی لە باوکی بۆ ماوەتەوە. الذهبي، سير اعلام النبلاء، مؤسسة الرسالة، د.م، 2001م، ج5، ص379.

[lxvi] - ابن الأثير، الكامل في التاريخ، مج5، ص72.

[lxvii] - اليعقوبي، تاريخ، ج2، ص341- 342.

[lxviii] - المسعودي، مروج الذهب، ج3، ص233؛ الطبري، تاريخ الم والملوك،ج4،ص1529؛ ابن الأثير، الكامل في التاريخ، مج5، ص72-73.

[lxix] - شارەزور: ناوچەیەکی فراوانە دەکەوێتە نێوان شاری ئەربیل و شاری هەمەدان، زۆرینەی دانیشتوانی کوردن وەزۆرینەی میرەکانیان لە کوردن. ياقوت الحموي، معجم البلدان، مج3، ص165. .

[lxx] - زابی گەرە: ناوچەیەکە دەکەوێتە نێوان ئەربیل و موصل، لە راستیدا زابی گەورە رووبارێکە دەردەچێت لە سەروچاوەکەی تا دەگاتە نزیکی موصل و لە ناوچەی حەدیسە دەرژێتە رووباری دیجلە لە دووری 5,8 کم. ياقوت الحموي، معجم البلدان، مج2، ص462.

[lxxi] - الطبري، تاريخ الم والملوك، ج4، ص1528-1531.

[lxxii] - الدينوري، الأخبار الطوال، تصحيح: فلادمير جرجاس، ط1، مطبعة بريل، ليدن، 1888م، ص363؛ المسعودي، مروج الذهب، ج3، ص234.

[lxxiii] - الأزدي، تاريخ الموصل، ص125-126.

[lxxiv] - المكي، سمط النجوم العوالي في انباء الأوائل والتوالي، تحقيق: الشيخ عادل احمد عبدالموجود و الشيخ علي محمد معوض، دار الكتب العلمية، بيروت، ج3، ص345-347.

[lxxv] - المسعودي، مروج الذهب، ج3، ص234.

[lxxvi] - خليفة بن خياط، تاريخ خليفة بن خياط، تحقيق: اكرم ضياء العمري، ط2، دار الطيبة للنشر والتوزيع، الرياض، 1985م،ص 403.

[lxxvii] - الحمادي، الجزيرة الفراتية، ص396.

[lxxviii] - الطبري، تاريخ الم والملوك، ج4، ص1534؛ ابن الأثير، الكامل في التاريخ، مج5، ص80-81.

## سەرچاوەکان

### یەکەم/ سەرچاوە سەرەکییەکان

ابن الأثير: ابي الحسن علي بن ابي الكرم(ت 630هـ/ 1245م)

1- الكامل في التاريخ، راجعه وصححه: محمد يوسف الدقاق، الطبعة 4، دار الكتب العلمية، بيروت، 2006م.

الادريسي: محمد بن محمد بن عبدالله بن ادريس الحسني الطالبي (ت 560هـ / 1166م)

2- نزهة المشتاق في اختراق الافاق، مطبعة عالم الكتب، بيروت، 2010م.

الأزدي: يزيد بن محمد (ت 334هـ/945م).

3- تاريخ الموصل، تحقيق: علي حبية، القاهرة، 1967م.

الأصطخري: ابي اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسي الكرخي (ت 346هـ / 952م)

4- المسالك والممالك، مطبعة بريل، ليدن، 1870م.

ابن اعثم الكوفي: ابي محمد (ت314هـ / 926م)

5- الفتوح، تحقيق: علي شيري، مطبعة، دار الاضواء للطباعة والنشر والتوزيع، طبعة الاولى، بيروت، 1411هـ /1991م.

الانصاري: شمس الدين ابو عبدالله محمد بن ابي طالب (ت 727هـ/1327م)

6- نحبة الدهر في عجائب البر والبحر، د.م، 1923م.

البكري: ابي عبيد عبدالله بن عبدالعزيز (ت 487هـ / 1093م) .

7- معجم ما استعجم من اسماء البلاد والمواضيع، حققه وضبطه: مصطفى السقا، مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر، طبعة الاولى، القاهرة، 1364هـ / 1945م.

8- المسالك والممالك، حققه وقدم له: أدريان فان ليوفن وأندري فيري، دار الغربي الاسلامي، للدارالعربية للكتاب، المؤسسة الوطنية للترجمة والتدقيق والدراسات، بيت الحكمة، د.م، 1992م.

البغدادي :لطفي الدين عبدالمؤمن بن عبدالحق (ت 739هـ / 1319م)

9- مراصد الاطلاع على اسماء الامكنة و البقاع، تحقيق والتعليق: على محمد البجاوي، مطبعة الدار الجيل، طبعة الاولى، 1412هـ / 1992م.

البلاذري: الإمام ابي الحسن أحمد بن يحيي بن جابر (ت 279هـ / 892م)

10- فتوح البلدان، وضع حواشيه: عبدالقادر محمد علي، دار الكتب العلمية، طبعة الاولى، 1420هـ / 2000م .

11- انساب الأشراف، تحقيق: سهيل زكار و رياض زركلي، (د.م)، 1997م.

بنيامين: التطيلي النباري الأندلسي (ت 569هـ/1037م)

12-رحلة بنيامين، ترجمة عن العبرية: عزرا حداد، الطبعة الأولى، المطبعة الشرقية، بغداد، 1945م.

البيروني: ابو ريحان محمد بن احمد (ت440هـ/1048م)

13- الأثار الباقية عن القرون الخالية، لايبزك، 1923م.

الدينوري: ابو حنيفة احمد بن داود (ت282هـ/895م)

14- الأخبار الطوال، تصحيح: فلادمير جرجاس، ط1، مطبعة بريل، ليدن، 1888م

الذهبي: شمس الدين محمد بن احمد بن عثمان (748هـ/1363م)

15- سير اعلام النبلاء، مؤسسة الرسالة، د.م، 2001م.

ابن جبير: أبوالحسن محمد بن أحمد الأندلسي (ت 614هـ / 1217م)

16-رحلة ابن جبير، دار صادر، الطبعة الثانية، بيروت، 2012م.

الجهشياري: ابي عبدالله محمد بن عبدو (ت331هـ/942م)

17- الوزراء والكتاب، تحقيق: مصطفى السقا واخرون، مصر، 1980م.

الحميري: محمد بن عبدالمنعم (ت 900هـ/1515م)

18- الروض المطار في خبر الأقطار، حققه: احسان عباس، مطبعة، هيد لبرغ، الطبعه الثانية، بيروت، 1982م.

ابن حوقل : ابي قاسم النصيبي (ت 377هـ / 977م)

19- صورة الارض، دار مكتبة الحياة، بيروت، لبنان، 1992.

ابن خرداذبة : ابي قاسم عبيدالله بن عبدالله (ت 300هـ / 913م)

20- المسالك والممالك، مكتبة المثنى، بغداد، د.ت.

خليفة بن خياط: الشيبان العصفري (ت240هـ/854م)

21-تاريخ خليفة بن خياط، تحقيق: اكرم ضياء العمري، الطبعة الثانية، دار طيبة للنشر والتوزيع، الرياض، 1985م.

سعيد المغربي : ابي حسن على بن موسى (ت 1286هـ/1901م)

22-الجغرافيا، حققه ووضع مقدمته وعلق عليه: اسماعيل العربي، منشورات مكتب التجاري للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، 1970م.

الشهرستاني: محمد بن الكريم (ت548هـ/1153م)

23- الملل والنحل، تحقيق: سعيد الغانمي، بيروت، 2013.

الطبري: ابي جعفر محمد بن جرير (310هـ/923م)

24-تاريخ الأمم والملوك، راجعه: نواف الجراح، الطبعة الثانية، دار صادر، بيروت، 2005م.

ابو الفداء: عمادالدين أسماعيل بن محمد (ت 732هـ / 1312م)

25-تقويم البلدان، دار الطباعة السلطانية، باريس، 1840م.

القزويني: زكرياء بن محمد بن محمود (ت682هـ/1297م)

26-اثار البلاد وأخبار العباد، دار الصادر، الطبعة الثالثة، بيروت، 2011م.

الهمداني: ابي عبدالله احمد بن محمد بن اسحاق المعروف بأبن الفقيه (ت365هـ/980م)

27-البلدان، تحقيق: يوسف الهاوي، عالم الكتب، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، 1416هـ/ 1996م.

مجهول: مؤلف مجهول (ت قرن3هـ/9م)

28-اخبار الدولة العباسية، تحقيق: عبدالعزيز الدوري و عبدالجبار المطلبي، دار الطليعة للطباعة والنشر، دار صادر، بيروت، 1971م.

المسعودي: ابي الحسن علي بن التحسين (ت 346هـ / 957م)

29- مروج الذهب ومعادن الجوهر، عني به: محمد هشام الغسان وعبدالمجيد طعمه حلبي، دار المعرفة، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، 1426هـ / 2005م.

المكي: عبدالملك بن حسين بن عبدالملك الشافعي (ت 1111هـ/1726م)

30-سمط النجوم العوالي في انباء الأوائل والتوالي، تحقي: عادل احمد عبدالجواد و علي محمد معوض، دار الكتب العلمية، بيروت، (د.ت).

ابن النديم: ابي عبدالله محمد بن ابي يعقوب اسحاق (ت380هـ/990م)

31-الفهرست، ضبطه وشرحه وعلق عليه وقدم له يوسف علي طويل، وضع فهارسه احمد شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت، 2002م.

ياقوت الحموي : شهاب الدين ابي عبدالله الروحي البغدادي (ت 626هـ / 1206م) .

32- معجم البلدان، قدم لها: محمد عبدالرحمن المرعشيلي، دار احياء التراث العربي، مؤسسة التاريخ العربي، بيروت، لبنان، د.ت.

اليعقوبي: احمد بن ابي يعقوب بن جعفر بن وهب بن واضح (ت 284هـ/897م)

33-تاريخ اليعقوبي، دار صادر، بيروت، 1960م.

ابو يوسف: القاضي يعقوب بن ابراهيم الأنصاري (ت182هـ/798م)

34-الخراج، تحقيق: طه عبدالرؤوف وسعد حسن محمد، الناشر المكتبة الأزهرية للتراث، القاهرة، 1999م.

دووهم/ سەرچاوە لاوەکییەکان

فاير: مادة حران

1- دائرة المعارف الأسلامية، طهران، 1923م.

حمادي: محمد جاسم

2- الجزيرة الفراتية والموصل دراسة في تاريخ السياسي والأداري، دار الرسالة للطباعة، بغداد، 1977م.